# روانینێك بۆ دیاردەی لەشفرۆشی



**کوێستان عومەر زادە**



دیاردەی لە شفرۆشی یەکێکە لەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیانەی کە تووشی کۆمەڵگا و تاکی ناو کۆمەڵگا دەبێ، ئەوەی کە لێرەدا گرنکە گەڕان بە دوای بناوانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەیە، کە بۆچی سەرهەڵدەدات کە تاکی ناوکۆمەڵگا تووشی سەرلێشێواوی دەکات، پێویستە ئەوە بزانین کە لەشفرۆشی هیچ کات پەیوەندی بە رۆشنبیربوونی کۆمەڵگا یان دواکەوتوویی کۆمەڵگاوە نییە، بەڵکو چەندین هۆکاری بنچینەیی خۆی هەیە، سەرهەڵدانی دیاردەی لەشفرۆشی کە ئێمە بمانهەوێت باسی لێوەبکەینەوە یاخود چارەسەری بۆ بدۆزینەوە یان لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوە ناتوانین تەنیا ئەم کارە بە وەزیفەی ئەو رێکخراوانە بزانین کە کار بۆ ریشەکێشکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن واتە رێکخراوی ئافرەتانو ژنان ....هتد. با کەمێك لە نێوەرۆکی ئەم بابەتە وردبینەوە و بزانین ئاخۆ ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگاکانی وڵاتانی تریشدا بەدی دەکرێت؟ وە ئایا هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بەڵێ ئەم دیاردەیە لە نێو هەموو کۆمەڵگاکانی جیهان بەدی دەکرێت، بەڵام بەپێی سروشت و کولتووری ئەم کۆمەڵگایە دەگۆڕێت، شتێکی تریش کە زۆر گرنگە لە یادمان بێت ئەوەیە بارودۆخی لەشفرۆشانو لەشکران کە بەپێی میکانیزمێك کە لەو وڵاتەی لێی دەژین جیاوازە، ئەوەی کە لێکی جیادەکاتەوە کەمو زۆری دیاردەکەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر وەزعیەتو ژیانی لەشفرۆشانیش بەهەمان شێوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری وڵاتانی ئەوروپا بکەین گومانی تێدانیە دیاردەی لەشفرۆشی رێژەکەی گەلێك زۆرە و لەشفرۆشان ئەم دیاردەیەو هۆکارەکانی بۆ چەند خاڵێك دەگێڕنەوە کە یەکێك لەوانە پارەیە، کە

ژنان و کچان ناچار دەکرێن یاخود بەویستی خۆیان ئەم کارە هەڵدەبژێرن، خاڵی دووەم زۆر لەم کەسانەش تێڕوانینی جیا یاخود خوێندنەوەیەکی تریان هەیە کە وەکو پیشە یاخود کار ئەم دیاردەیە هەڵدەبژێرن، خاڵێکیتر دەگێڕنەوە بۆ خۆشەویستیان بۆ ئەم کارەو خاڵێکیتر زۆرێك لە لەشفرۆشان پێیانوایە کە دەتوانن بەهۆی ئەم کارەوە زیاتر سۆسیال بن، لێرەوە ئەگەر لێژنەیەك پێکبێت بۆ کارکردن لەسەر ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم دیاردەدزێوە بوونە، بێگومان دەبێت لە خشتەدا ئەم خاڵانە لەبەرچاوبگیرێن، ئەوەشمان لەبیرنەچێت ئەوانەی تەنیا بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ئەم کارە دەکەن بەشێکیان هەتا لەژێر فشاری خراپی باری ئابووری بنەماڵەکانیان دەست دەدەنە ئەم کارە، با سەیرێکی ئەم وڵاتانە بکەین کە دیاردەی لەشفرۆشیان تێدا زۆرە، یەکێك لەو وڵاتانەی کە بەنموونە باسی دەکەین وڵاتی تایلاندە کە لەساڵی ١٩٨٢ بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کەکراوە نزیکەی یەك ملیۆن ژنی لەشفرۆشی هەبووە، لە شەری نێوان ئەمریکاو ڤێتنام کاتێك سەربازانی ئەمریکا چوونە ناو ڤێتنامەوە کەڵکی زۆریان لەم ژن و کچانە وەگرت کە بنەماڵەکانیان دەستکورتبون و ناچاربون کە ئەوان بفرۆشن، ئەم دیاردەیە وایکرد کە لەشفرۆشی زیاتربێت، بە تایبەتی لە ڤێتنام بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە لە ئەوروپا کراوە ئەم ژنانەی کە ئەم کارە دەکەن بەشی هەرە زۆریان لە وڵاتانی ئاسیاوە دێن وەکو ڤێتنام، تایلان، ئەمریکا، روسیا و ئەفریقیا لە وڵاتی نەرویج کە دیاردەی لەشفرۆشی زۆر زۆرە نزیکەی حەوسەد ژن و کچی لەشفرۆشن کە هەموویان لە وڵاتانی ئاسیاوە دێن، هۆکاری سەرەکی ئەوانە دەستکورتیە بە راددەی یەکەم، کە ناچار دەکرێن ئەم پیشەیە هەڵبژێرن تەنانەت زۆریان کە مۆڵەتی کارونیشتەجێبوونیان لەم وڵاتە پێنەدراوە، تەنها بۆ ماوەی سێ مانگ دێن و کار دەکەن، بە پێی سەرژمێریەك کە لە ئیسپانیا کراوە یەك ملیۆن ژنی لەشفرۆشی هەیەو ٩٥٪ ی ئەوانە لە دەرەوەرادێن، ساڵانە لە وڵاتانی روسیا، ئەمریکا و ئەفریقیا نزیکەی یەك ملیۆن ژنی لەشفرۆش دەگوازرێنەوە بۆ رۆژئاوای ئەوروپا، دیارە لە کوردستانی خۆشمان گومانیە کە دیاردەی لەشفرۆشی هەیە، دەکرێ ئەوە بڵێین کە ئەم دیاردەیە هەر لە دێرزەمانەوە بووە، بەڵام نەبەم شێوەیە زۆرەی ئێستا ، لە کوردستان هەر لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق رووی لە زیادبوون کردووە.

بەڵام میدیای کوردی ئەوەندە ئازادنیە کە رێگەی هەبێت کە بویرانە بەدوای ئەم دیاردەیە بکەوێت، وەکو وڵاتانی ئەوروپا کە چەندات دێباچ و تۆژینەوەی لەسەر بکرێت، لایەنی پەیوەندیدار بەم بابەتە بەشداربن گوایە ماوەك لەمەوبەر باندێکی لەشفرۆش کە لە یەکێك لە شارەکانی کوردستان دەستگیرکراون کە ژمارەیان چوار کەس بووەو لە ئەنجامدا بیستوپێنج لەشکر دەستگیرکراون، ئەوەی کە لێرەدا بە راددەی یەکەم بەرپرسە لەبەرامبەر ئەم گرفتە کۆمەڵاتیەدا دەسەڵاتدارانی وڵاتن پاشان رێکخراوەکان، با لێرەوە هەوڵ بدەین هەموو ئەم نەخۆشیە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگای کوردی و بە تایبەتی ژنان بەرەو نەهامەتی و هەڵدێر دەبەن بە شێوەیەکی زانستیانەو سەردەمیانە کاری بۆ بکرێت و ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم دیاردەیە بوون هەوڵ بدرێت بە نهێنی کاریان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی جارێکیتر ئەوکەسانە باوەڕبەخۆبون لە ناخیدا دروست بێتەوە، بتوانن خۆیان لە کۆمەڵگادا بدۆزنەوەو درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن، با بە چاوێکی کەم چاویان لێنەکرێو چیتر ناچار نەکرێن کە بازرگانی بەجەستەیان بکەن، هەموو ئەوانەی پێیان وایە ئەم کارە شۆرشێکە لەبەرامبەر کۆمەڵگای پیاو سالاریدا با بەچاو ڤایموو ناشیرین دانەنرێن، چونکە ئەوانە بوونە خۆراکی هەموو ئەم نەخۆشیانەی کە لەکۆمەڵگایان وەرگرتووە ئەوانەن کە خۆیان فیدای هەموو شتێك کردووە، با بەهەموان هەوڵبدەین وشیار بکرێنەوە، چونکە ئەوانە قوربانی نەریت و کولتورو پرنسیپەکانی کۆمەڵگان، بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کاریان لەسەر بکرێت:

١- دامەزراندنی رێکخراوێکی تایبەت لە کەسانی پسپۆڕو چالاك، کاریان تەنیا بنبڕکردنی ئەم دیاردەیەبێت.

٢- پێویستە ئەورێکخراوە ناوێکی دیاریکراوی خۆی هەبێت، بۆ نموونە (ر.ل) واتا ریشەکێشکردنی لەشفرۆشی، حکومەتیش پشتیوانی و ئیمکاناتی تەواویان بخاتەبەر دەست و هاوکاریانبێت.

٣- هەبوونی تیۆریەکە لەباروگونجاو بۆ ئەم رێکخراوە.

٤- کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی تووشی ئەم دیاردەیە بوون و بە شێوەیەکی مرۆڤانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت.

٥- دانانی سزا بۆ لەشفرۆش و لەشکران بە یەکسانی و بێ جیاوازی، ئەگەر ئەم دیاردەیە بەتاوان دانرێت، واتا هەردوو وەکو یەك تاوانبارن.

٦- بە وردی کار لەگەڵ ئەوانە بکرێت کە تووشی ئەم نەخۆشیەبوون لە هۆکارەکانیان بکۆڵدرێتەوەو داواکانیان بۆ جێبەجێبکرێت.